# مافی دەستێوەردان

لەبەشەکانی رابردوودا مێکانیسمە سەرەکی‌یەکانی پارێزگاریی نێونەتەوەیی کەمایەتی‌یەکان خرانە روو کە هەموویان سروشتێکی حوقووقی‌یان هەبوو، واتە بریتی بوون لە کۆمەڵە مەتن و کۆنوانسیۆنێك کەهێندێك ئەرك و ئیجبار لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتی‌یەکان دا دەخەنە سەر دەوڵەتان، یان هێندێك ناوەندی حوقووقی‌و قەزایی کەچاوەدێری ئەوە دەکەن داخوا دەوڵەتان چۆن، و تا چ رادەیەك رێز لەمافی کەمایەتی‌یەکان دەگرن.

لایەنێکی دیکەی ئەو مەسەلەیە کە پێویستە سەرنجێکی تایبەتیی بدرێتێ کاناڵە سیاسی‌و عەمەلی‌یەکانی دیفاع لە کەمایەتی‌یەکانەو لەبەر ئەوە گرنگی‌یان پەیدا کردوە کە سەرکوت و چەوساندنەوەی کەمایەتی‌یەکان بەتایبەتی لەئاخرین دەیەی سەدەی ۲۰دا بوونە هۆی هاتنەگۆڕی هێندێ دیاردەی وەك مافی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە یا تەنانەت مافی دەخالەتی نیزامی‌و هتد. شتێك کە پایەکانی یاسای نێونەتەوەیی وەلەرزە خستوەو ژمارەیەکی زۆر پرسیارو گومانی بۆ مافناسەکان دروست کردوە.

یاسای نێونەتەوەیی هەر لەسەرهەڵدانی‌یەوەو بەدرێژایی سەردەمی گەشەکردنی، کۆمەڵە ئەسڵێکی سەرەتایی کردۆتە بنچینەو تەوەرەی خۆی کەپارێزەری مان و مەوجوودییەتی دەوڵەتن و گرنگترینیان بریتین لە سەروەریی دەوڵەتان و بەرابەریی نێوانیان. لەگەڵ راگەیاندنی ئەسلی چارەسەری ئاشتی‌یانەی کێشە نێودەوڵەتی‌یەکان و قەدەغە کرانی شەڕخوازی (لەپێش دا پەیمانی "بریان کێلۆگ"ی ساڵی ۱۹۲۸و دواتر پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان) دا هێندێك ئەسلی لاوەکی بە سەروەری‌و بەرابەریی دەوڵەتانەوە زیاد بوون کە لەنێو وان دا نەبوونی مافی دەستێوەردانی دەوڵەتێك لەکاروباری دەوڵەتێکی دیکە دا بەمەبەستی هەڕەشە کردن لەیەکیەتیی سیاسی‌و تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتان جێگایەکی تایبەتیی هەیە. ماددەی ۲ بڕگەی ۷ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەها دەستێوەردانێك هەم لە رێکخراوی جیهانی‌و هەم لە دەوڵەتەکان قەدەغە دەکا. بڕیارنامەی ۲۶۲۵ ساڵی ۱۹۷۰ی کۆڕی گشتییش پێ لەسەر ئەو قەدەغە بوونە دادەگرێ.

بەڵام واقعییەتی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان شتێکی تەواو پێچەوانەی ئەو ئەسڵو ئامانجانەمان نیشان دەدات و مێژووی سیاسیی نێودەوڵەتی پڕە لە نموونەی دەست درێژی‌و دەستێوەردان لە شکڵو شێوەی جۆراوجۆرداو دەوڵەتە بەهێزەکان چ لەبواری سیاسی‌و چ لەبواری ئابووری‌دا دەخالەتیان لەکاروباری دەوڵەتە لاوازەکان دا کردوەو تەنانەت بۆ برەوپێدانی دەسەڵات و نفووزی خۆیان هێزی نیزامییشیان بەکار هێناوە.

لەپێوەندی لەگەڵ کەمایەتی‌یەکان دا، سەرتاسەری سەدەی نۆزدە شاهیدی دەخالەت و تەنانەت لەشکرکێشیی دەوڵەتە رۆژئاوایی‌یەکان بۆ دیفاع لەکەمایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتە. لەسەدەی بیستەم دا دەستێوەردان بۆ داکۆکی کردن لە کەمایەتی‌یەك بەرگێکی میللیی کردەبەر کە دەتوانین هەڵوێست و کردەوەکانی ئاڵمانی نازی یان تێکۆشانی هێندێ دەوڵەتی تازە بەسەربەخۆیی گەیشتوو بۆ هاندان و یارمەتیکردنی کەمایەتیی وڵاتێکی دیکە (کەپێوەندی‌یەکی نەتەوەیی لەگەڵی بووە) بەنموونە بێنینەوە. دەوڵەتانی دەستێوەردەر ـ بەتایبەتی ئەگەر دەستێوەردانەکە نیزامی بووبێ ـ هەمیشە هێندێك هۆی مرۆڤدۆستانەو خێرخوازانەیان بۆ پاساودانی کردەوەکانیان بەکار هێناوە، لەحاڵێك دا ئامانجە ئەسڵی‌و نەگوتراوەکانیان زۆرتر سروشتێکی سیاسی‌و قازانج خوازانەیان هەبووەو مەبەستی راستەقینە فرەوان کردنەوەی ناوچەی دەست رۆیشتن و دابین کردنی بەرژەوەندی‌یە ماددی‌یەکان بوون.

بوون و نەبوون و چۆنیەتیی مافی دەستێوەردان بەمەبەستی دیفاع لە کەمایەتی‌یەکان لەیاسای نێونەتەوەیی‌دا بە ئەسڵی قەدەغە بوونی شەڕ لەنێوان دەوڵەتانەوە بەستراوەتەوە کە نێوەرۆکەکەی لە مەنشووری ۱۹٤٥ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا داڕێژراوە. سەرەڕای راگەیاندنی گشتیی ئەو ئەسڵە لەماددەی دووهەم دا، دوو مەوریدی "استثناء" بۆ ئەو پرەنسیپە لەنەزەر گیراون: بە پێی ماددەی ٥۲ ئەسڵی دیفاعی مەشرووع رێگای دژکردەوەی نیزامی بە دەوڵەتێك دەدا کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە دەستدرێژیی بەکردەوەو راشکاوی بۆ سەر کرابێ. حاڵەتەکەی دیکەی بریتی‌یە لەو ئەرك و دەسەڵاتانەی بەپێی فەسڵی حەوتەمی ئەو مەنشوورە بەئەنجوومەنی ئاسایش سپێردراون کە پوختەکەی بریتی‌یە لەوەی هەرکاتێك ئاشتیی نێونەتەوەیی بەهۆی شەڕ یا دەستدرێژی‌یەکی نێودەوڵەتی پێشێل کرا یا کەوتە مەترسی‌یەوە، ئەو ئۆرگانە دەتوانێ کۆمەڵێك ئیجبار بەسەر لایەنەکانی کێشەکە بسەپێنێ کە لەنێو وان دا بەتایبەتی سزادانی نیزامیی دەوڵەتی تاوانبار وەبەرچاو دەکەوێ (ماددەی ٤۲). سەرجەمی مەتنی ئەو مەنشوورە دەبێ ئاوا تەفسیر بکرێتەوە کە بێجگە لە حاڵەتی دیفاعی مەشرووع

هەرچەشنە کردەوەیەکی نیزامیی دەوڵەتان یان پەیمانە ستراتیژییە ناوچەییەکان دەبێ بە دەستوور یان هەر نەبێ بەئیجازەی ڕەسمیی ئەنجومەنی ئاسایش بێ.

ئێستا با بزانین کاردانەوە (تأثیر)ی ئەو ڕێوشوێنانە لەسەر مەسەلەی دیفاعی بەکردەوە لەکەمایەتییەکان چیە. هەر لەکۆنەوە ئەدەبیاتی یاسای نێونەتەوەیی پێی وابووە کە پێویستە دیفاع لەمەوجوودییەتی گەل یا کەمایەتییەك لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە بەمەشرووع و یاسایی دابنرێ. بۆ نموونە "گرۆسیووس" کە بە باوکی سەردەمی کلاسیکی یاسای نێونەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێ لەو باوەڕە دابوو کە هەرکاتێك گەل یا کەمایەتییەك لە لایەن دەوڵەتی حاکمیەوە بەڕادەیەك چەوسێنرایەوەو سەرکوت کرا کەویژدانی مرۆڤایەتی وەهەژان بکەوێو پرەنسیپە ئەخلاقییە سەرەتاییەکان پێشێل بکرێن، دەوڵەتانی دیکە مافی دژکردەوەی چالاکیان هەیەو دەتوانن سەروەریی دەوڵەتی زاڵم وەپشت گوێ بخەن.

بەڵام ئایا مافی نێونەتەوەیی بەو جۆرە کە ئەمڕۆ دەیبینین ئەو پێویستییە پیرۆزو ڕەوایەی بەڕاشکاوی قبووڵ کردوە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە دوو قۆناغ لەتەمەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لێك جودا بکەینەوە:

قۆناغی یەکەم بریتییە لە سەردەمی ڕەوتی ڕزگاری لە ئیستعمار. لێرەدا بەپێی بڕیارنامەکانی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان گەلانی موستەعمەرەکان مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی سەربەخۆییان بۆ بەرەسمی ناسرا، هەربۆیە خەباتی وان تەنانەت بەشێوەی چەکداری بەمەشرووع لەقەڵەم دراو یارمەتیدانی ئەو خەباتە بەئەرکی سەرشانی دەوڵەتانی دیکە دانرا. لەڕاستیدا بەکارهێنانی چەك و مافی دەستێوەردان "استثناء"یەکی سێهەم بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان دوفاکتۆ بە پەیمانی ئەو ڕێکخراوەیان زیاد کرد.

ئیدی بێجگە لەو حاڵەتە هیچ دەوڵەتێك مافی ئەوەی نەبوو کە بەمەبەستی پشتیوانیو یارمەتیدانی بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەل یا کەمایەتییەك دەخالەتی بەکردەوەو چالاك لەوڵاتێکی دیکە دا بکا، چونکە لەلایەك شەڕی سارد ببووە هۆی فەلەجیی ئەنجومەنی ئاسایش و هیچ بڕیارێکی ئەو ئۆرگانە لەمەڕ ئیجازەدانی دژکردەوەی نیزامی بۆ دیفاع لە گەلێك لەدەست دا نەبوو هەتا دەوڵەت یا دەوڵەتانی دەستیوەردەر پشتی پێببەستن. لەلایەکی دیکەشەوە چەوسانەوەی خەڵکی وڵاتێك بە حاڵەتێکی دەستدرێژیی بۆ سەر دەوڵەتێکی دیکە (تەنانەت ئەگەر پێوەندیی قەومییشی لەگەڵ خەڵکە سەرکوت کراوەکە هەبا) دانەدەنرا هەتا ئەو دەوڵەتە مافی دیفاعی مەشرووع بەکار بێنێ. دواتر لەساڵی ١٩٨٦ دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە بڕیارێك دا کەسەبارەت بە چالاکییە نیزامییەکانی ئەمریکا لە نیکاراگوا دەری کرد سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانەی دووپات کردەوەو بەتایبەتی ڕایگەیاند کەدەوڵەتێك ناتوانێ بەو بیانوویە دەست لە کاروباری دەوڵەتێکی دیکە وەربدا کە ئەو دەوڵەتە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتیی هەیەو بۆ دیفاع لەمافەکانی مرۆڤیش لەوڵاتێکی دیکەدا پێویستە شێوەو ڕێگای غەیری دەستێوەردانی نیزامی بەکاربێن.

دیفاع لەمافەکانی مرۆڤ و نێونەتەوەیی کرانی ئەو مافانە تایبەتمەندیی قۆناغی دووەمی ئەو ڕەوتەیە کە ئێمە باسمان کرد. ماددەی ٧ـ٢ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردانی ئەو ڕێکخراوەو دەوڵەتە ئەندامەکانی لەو کاروبارانەدا قەدەغە دەکا کەدەوڵەت هەقی هەیە بە پێی نیازو مەیلی خۆی بەڕێوەی بەرێ. ئەمڕۆ یاسای نێونەتەوەیی چی دیکە مافەکانی مرۆڤ و لە ئاکام دا هێندێك لە مافی کەمایەتییەکان بەکاروبارێك دانانێ کە حکوومەتی وڵاتێك بتوانێ هەرچۆنێکی پێی خۆش بێو وازی لێ بێ ئاوایان مامەڵە لەگەڵ بکا. ئەمڕۆ سەرجەم ئەو مافانە بەمەسەلەیەکی نێونەتەوەیی دادەنرێ کە پێوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی هەموو مرۆڤایەتییەوە هەیە، چونکە لە لایەك ژمارەیەکی زۆر پەیمان و کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی بۆ دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتیو خێرخوازی پەسند کراون. لە لایەکی دیکەشەوە چالاك بوونەوەی ئۆرگانە سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش دەرفەتی ئەوەی پێك هێناوە کە ئەو ڕێکخراوە بەدژی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمایەتییەکان کە هەڕەشە لەئاشتیی نێونەتەوەیی دەکا خەبات بکا. کەوابوو دژکردەوەی غەیرەنیزامیی دەوڵەتان بۆ دیفاع لە مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییەکان دەستێوەردانێکی مەشرووعە.

کاروتێکۆشانی ئەنجومەنی ئاسایش بەهۆی ئەو باوەڕپێکراوییەی (اعتماد) نەتەوە یەکگرتووەکان داویانەتێ لە هیچ حاڵەتێك دا بە دەستێوەردان دانانرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ئۆرگانە سەروەریی دەوڵەتەکەش بە کەم بگرێ. زۆرجار ئەو ئۆرگانە لەمەشرووعییەتی تەواودا بڕیاری سزادانی نیزامیی دەوڵەتێکی داوەو لە هێندێ شوێن سەرچاوەی تاوانباریی دەوڵەتەکە، چەوساندنەوەو پێشێل کردنی مافە بەرهەقەکانی گەلێك بووە (نموونە: ئەو سزایانەی وەختی خۆی بەسەر ئەفریقای جنووبیدا سەپێنران وەیان دژکردەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش

لەمەڕ ئاکامەکانی شەڕی دووهەمی کەنداو). لێرەدا پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ کە هاتنەکایەی ئەنجومەنی ئاسایش تەنانەت ئەو وەختە کە مەسەلەی چەوساندنەوەی کەمایەتی‌یەك یان دیاریکردنی چارەنووسی گەلێك لەگۆڕێ دابووە، نەك بۆ دیفاع لەمافە سیاسیو "هویت"یەکانی خەڵکەکە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە کە ئەنجامە ناوچەییو نێونەتەوەیی‌یەکانی کارەساتێکی سیاسیو ئینسانیی نێوخۆیی هەڕەشەیان لە ئاشتیی جیهانی کردوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کەپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا بۆ پاراستنی ئاشتیی نێونەتەوەیی ڕێگا بەو ئەنجومەنەدەدا کەسەروەریی دەوڵەتێك وەپشت گوێ بخا.

بڕیارنامەی ٦٨٨ی بەهاری ١٩٩١ی ئەنجومەنی ئاسایش کە بەتایبەتی بەمەبەستی پارێزگاریی ئینسانیی لەکوردەکانی عێراق پەسند کرا، بە سەرەتای ڕەوتی پەرەگرتنی "دەستێوەردانی مرۆڤایەتی" دادەنرێ. پێشتر لەکۆتایی هەشتاکانی زایینی داو بەپێشنیاری خێرخوازە فەڕانسەیی‌یەکانی وەك بێرنارد کووشنێر، کۆڕی گشتی کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی پەسند کردبوو بۆ ئەوەی دەوڵەتان ڕێگا بدەن لەکاتی کارەساتی سروشتیو ئینسانی‌دا ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان بەفریای خەڵکی لێقەوماو بگەن. بە پێچەوانەی ئەو بیرەی باوە، چەمکی دەستێوەردانی مرۆڤایەتی بەمانای پێشێل کردنی سەروەریی دەوڵەتەکە هەرگیز پەسند نەکراوە، مەگەر ئەوە کە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری لەسەر دابێ. (وەك لە یووگۆسلاویو ڕوانداو سۆمالیو هتد).

ئێمە دەتوانین وەزعییەتی یاسای نێونەتەوەیی لەمەڕ مافی دەستێوەردان هەتا دوو ساڵ لەمەوبەر بەم جۆرە خولاسە بکەینەوە: ئەگەر دەوڵەتێك یان کۆمەڵێك دەوڵەت بیانەوێ بۆخۆیان بەتەنیاو جیا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی بە کەمایەتی‌یەکی نێو وڵاتێکی دیکە بکەن. ـ جا ئامانجی ئەو یارمەتیدانە سیاسی بێ (مافی دیاریکردنی چارەنووس) یان ئینسانی (گەیاندنی پێداویستیی حەیاتی)ـ کردەوەی دەوڵەتان نابێ بەنرخی دەستدرێژی بۆ سەر سەروەریو تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتی کەمایەتی‌یەکە تەواو بێ. کەوابوو هەرچەشنە دەخالەتێکی نیزامی دەبێ لەچوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر نەبێ بەئیجازەو پەسندی ئەنجومەنی ئاسایش بەڕێوە بچێ. دژکردەوەی ئەو ڕێکخراوەش لەهەر بوارو شکڵێك دا دەبێ بەمەشرووع دابنرێ، بەڵام لەمەڕ مافی گەلان و کەمایەتی‌یەکان ئەو دژکردەوەیە هەروەك گوترا زۆرتر لایەنی ئینسانیو ئاشتیی نێونەتەوەیی هەبووە.

گومان و گرفتە حوقووقی‌یەکان ئەو کاتە دروست دەبن کەئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەتی بەهۆی وێتۆی پێنج ئەندامە ئەسڵی‌یەکەی نەیتوانیوە بڕیاری دژکردەوەیەکی چالاك بدا. تازەترین و گرنگترین نموونەی ئەو حاڵەتە دەخالەتی نیزامیی هێزەکانی ناتۆ لە یووگۆسلاویو بە مەبەستی دیفاع لە ئالبانی‌یەکانی کۆسۆڤۆ بوو (مارس تا ژووئەنی ١٩٩٩). مەسەلەی کۆسۆڤۆ کە بەقۆناغێکی تازە لە دەستێوەردان دادەنرێ هێندێك پرسیاری هێناوەتە گۆڕێ کە بەداخەوە جاری یاسای نێونەتەوەیی توانای وەڵامدانەوەی دڵخوازیانی نیە.

سەرچاوەی ئەو ئالۆزی‌یە حوقووقی‌یەی مەسەلەی کۆسۆڤۆ پێکی هێنا لەوەدایە کە سەرەڕای ئەوەی پێش دەخالەتە نیزامی‌یەکە ئەنجومەنی ئاسایش چەندین جار کۆبوونەوەی ساز دابوو و هەڵوێستی گرتبوو، بەو هۆیەوە کە ڕووسیە هەڕەشەی وێتۆی دەکرد ئەو ئۆرگانە نەیتوانی بەروون و ڕەسمی بڕیاری دژکردەوەی نیزامی بدا. هەربۆیە دەوڵەتە ڕۆژئاوایی‌یەکان "بۆپێشگیری لە ژینۆسایدی خەڵکی کۆسۆڤۆ" هێرشی نیزامی‌یان کردە سەر یووگۆسلاوی. دیارە دەزانین کە سەرەڕای ئامانجە ڕەسمی‌یە بەشەردۆستانەکان قازانجە ستراتیژیکەکان لەو کردەوەیەدا بڕیاردەر بوون و زۆر مەوریدی کارەساتی دیکە هەبوون کە دەوڵەتانی بەهێز یان هیچیان نەکردوە (چێچێن) یان زۆر درەنگ وەخۆ کەوتوون (تیمۆری ڕۆژهەڵات). بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێوشوێنانەی پێشتر لەبارەی مافی شەڕ لەیاسای نێونەتەوەییمان دا باس کرد دەبێ بەو ئاکامە بگەین کە سەرەڕای هێندێك ئامانج و ئاکامی باش و ڕەوای، دەخالەتە نیزامی‌یەکەی ناتۆ لەکۆسۆڤۆ بە دژی یاسای نێونەتەوەیی بوو. بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە شەڕی کۆسۆڤۆ جودا لەوە کە جوانتر لە هەر کاتێك بە دەوڵەتانی نیشان دا کە مافی ئەوەیان نیە چۆنی پێیان خۆش بوو لەگەڵ خەڵکەکانیان بجوولێنەوە، بووە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی جەریانێکی مافناسی کە پێشنیار دەکا ئەگەر مان و مەوجوودییەتی گەل یاکەمایەتی‌یەك بکەوێتە مەترسی‌یەوە، دەستێوەردانی نیزامی لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە بە مەشرووع و یاسایی لەقەڵەم بدرێ، تەنانەت ئەگەر وەها دژکردەوەیەك بەهیچ کام لە ڕێگا قانوونی‌یەکانی دیکە دا ئیمکانی نەبێ.

داهاتووی یاسای نێونەتەوەیی نیشانی دەدا کە ئەو پێشنیارە چەندە جێدەگرێ. لەهەر حاڵ دا وێدەچێ کە قازانجی ئەو یاسایە لەوەدا نەبێ کە دەوڵەتە بەهێزەکان دەرفەتی ئەوەیان بدرێتێ بەکەیفی خۆیان ئامانجی پیرۆزو ڕەوای دیفاع لە کەمایەتی‌یەکان بۆ بردنەپێشی مەبەستە تایبەتی‌یەکانی خۆیان بەکار بێنن. بەڵکوو پێویستە هەم سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان بە چەشنێك ریفۆرم بکرێ کە توانای چالاك بوونی

ئەو ڕێکخراوە لە وەزعییەتە جۆربەجۆرەکان دا بپارێزرێو سیاسەتی یەك بان و دوو هەوایی بەم جۆرە کەم بێتەوە، هەم هێندێ میکانیسمی نوێو کاریگەر بۆ دیفاع لە کەمایەتی‌یەکان بەتایبەتی لە حاڵەتە مەترسیدارەکان دا لەنەزەر بگیرێن.

مەسەلەی کۆسۆڤۆ نوێکاری‌یەکی دیکەشی تێدابوو کە یەکجار پڕبایەخەو پێوەندیی بە پێشکەوتنی مافی خودموختاری لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا هەیە. ئێمە لەسەرەوە گوتمان کەکردەوەی ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەو هەڕەشەیەیە کە لەسەر ئاشتیی نێونەتەوەیی بەدی دەکرێو هەنگاوەکانی ئەو ئۆرگانە هەمیشە لە پێناوی گەڕاندنەوەی وەزعییەتی قانوونیی پێشوو بوو. کەچی سەبارەت بە کۆسۆڤۆ ئەنجومەنی ئاسایش زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشت و لە بڕیارنامەی ١٢٤٤یدا کەپاش دەخالەتی ناتۆ پەسندی کرد چارەسەریی سیاسیی کێشەی کەمایەتی‌یەکی گرتەدەست. لەو بڕیارنامەیەدا وێڕای وەبیر هێنانەوەی پێویستیی ڕێزگرتن لەتەواوەتیی ئەرزیی یووگۆسلاوی، لەسەر ئەوە پێ‌داگیراوە کە دەبێ ئاڵبانی‌یەکانی کۆسۆڤۆ خودموختاری‌یەکی واقیعی‌یان پێبدرێ. سەرەڕای تایبەتی بوونی مەوریدی کۆسۆڤۆ، ئێمە دەبێ ئەوە بەهەنگاوێکی دیکەی هیوابەخش بەرەو ئەو جێیە بزانین کە یاسای نێونەتەوەیی چارەسەری سیاسیو نیهادیی مەسەلەی کەمایەتی‌یەکان بە یەکجارییو بە شێوەیەکی گشتی پەسند دەکا.